گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/tq8tgt72
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 28/03/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 28/04/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# پێکهاتەی چاوگی زمانی کوردی بەپێی تیۆرە نوێیەکانی زمان

**کەمال محمد اومر[١] - سەباح ڕەشید قادر[٢]**
dr.sabahrashed@yahoo.com - kamal.omer@su.edu.krd
[٢+١]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئاشکرایە بابەتێکی گرنگی وەکو بابەتی چاوگ، چ وەک ئەرک و ڕۆڵ، چ وەک پێکهاتە و دەرکەوتن، یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکیی و بنچینەییەکانی دروستەی یەکە زمانییەکانی زۆربەی زمانانی دونیا، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە چ وەک چاوگ بێت، یان چ وەک خودی کردار بێت، چالاکانە بەشداریی دروستە زمانییەکان دەکات. بەو هۆیەوە تا ئێستا چەندین تێڕوانین و بیروبۆچون و ڕای جیاواز دەربارەی چاوگەکان لەو زمانانەدا خراونەتەڕو. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە هەندێ لەو یاسا و ڕێسا و دەستورانەی پێکهاتەی چاوگەکان لە زمانی کوردیدا و بەپێی تیۆرە نوێیەکانی زمان باس بکەین و نمونەی دروست و پێویستییان لەو بارەیەوە بۆ بهێنینەوە، لە زۆر شوێندا ئەو یاسا و پێکهاتانەمان بەراوردکردوە بە دروستەی چاوگەکان لە زمانی دیکە وەکو زمانی ئینگلیزی و هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا، ئەمەش بۆ سەلماندنی زیاتر و بابەتییانە لە بارەی دروستەی چاوگەکانەوە، چونکە زمانە تێکچڕژاوەکان لە هەندێ سیفات و تایبەتمەندییدا هاوشێوەی یەک کاردەکەن، ئەم هاوشێوەییە، یان ئەم هاوسیفەتییە بەشێوەیەکی بەرچاو لە زمانی کوردی و هەروەهاش لە زمانی ئینگلیزیدا چونیەکن. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە باسی ئەرکی چاوگەکان کراوە و لەگەڵ ئەو ڕۆڵانەی کە چاوگەکان دەتوانن ببینن لە دروستەی فرەیز و ڕستەکاندا خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەش گەیشتوینەتە چەند ئەنجامێک و پاشان لیستی سەرچاوەکان و دوای ئەوە پوختەی لێکۆڵینەوەکە و ناونیشانی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزیی هاتوە.

**کلیلە وشەکان:** چاوگ، پێکهاتە و ڕۆنان، تیۆرەکانی زمان، زمانی کوردی.

# Infinitive Structure of Kurdish Language According to New Theories of Language

**Kamal Muhammed Omer[1] - Sabah Rashid Qadir[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

It is obvious that the topic of the infinitive, whether as function and role or as structure and appearance, is one of the main and basic foundations of the linguistic units of most languages in the world, this is based on its participation as the infinitive or as the verb itself will actively engage in the language structure. As a consequence of that, many different perspectives and opinions have been expressed about infinitives in these languages. In this research, we tried to explain some of the rules and constitutions of the structure of infinitives in Kurdish according to new language theories and present necessary and proper examples in this regard. We compared those rules and forms of infinitive structure in other languages like English and also in Arabic as well, to demonstrate more about infinitive structure, because Incorporation languages work similarly in some characteristics, this similarity is significantly parallel in Kurdish and English. On top of that, the function of the infinitives and the roles they can turn into in the structure of phrases and sentences are discussed and investigated. At the end of the research, we reached several conclusions, followed by the references, the abstract and title of the research in English.

**Keywords**: Base, Structure and Formation, Language Theories, Kurdish Language.

## ١-١ پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەکە بۆ خستنەڕوی بابەتی پێکهاتەی چاوگ لە زمانی کوردیدا لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە نوێیەکانی زمان، چونکە لە کۆنترین قوتابخانەی زمانەوانییەوە تاکو ئێستا، بابەتی چاوگ یەکێ بوە لە گرینگترین و پڕباسترین ئەو بابەتانەی لە هەر زمانێکدا هەن. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە خودی چاوگەکانی زمان جگە لە پێکهاتە و ڕۆڵی خۆیان، بەشداری لە دروستە و ڕۆڵ و دەرکەوتنی بەشەکانیتری ئاخاوتن دەکەن.

### ١-١-١ گرفتی توێژینەوەکە:

بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە دەیەوێت چارەسەری ئەو گرفتە بکات، کە ئایا بنەڕەتی چاوگەکان و دروستەی چاوگەکان جێگیر و چەسپاون، یاخود دەتوانن ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز ببینن و بەپێی ژینگەی بەکارهێنانی زمانەکە دەگۆڕێن. هەروەها توێژینەوەکە دەیەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە کە ئایا دارشە و دەرکەوتنی چاوگەکان بەپێی تیۆرە کۆن و نوێیەکانی زمان وەک یەکە، یان جیاواز.

## ١-١-٢ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە تێڕوانینی خوێنەر، بەتایبەتی توێژەران و زمانەوانان دەربارەی چاوگ و پێکهاتەکانی بگۆڕێ و خوێنەران بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە بابەتی چاوگ ناتوانرێ دەستەمۆ بکرێ و لە یەک ڕەهەندەوە لێی بکۆڵرێتەوە.

## ١-١-٣ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەروازەیەکی نوێ بەسەر توێژینەوەکانی بابەتی چاوگدا واڵابکات و ئەو بیروباوەڕە زەقبکاتەوە، کە ئیتر ناتوانرێت وەکو قۆناغی کلاسیک لە توێژینەوەکانی بواری چاوگ بڕوانین.

## ١-١-٤ ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی- شیکاریی، بەپێی پێویستی توێژینەوەکە لە زۆر شوێندا پەنابراوەتە بە ڕێبازی بەراوردکاری. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە شیکارییەکانی لە چوارچێوەی بنەماکانی شیکاری تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ئەنجامداوە.

## ١-١-٥ سنوری توێژینەوەکە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە شێوازی بەکارهێنانی ئێستای زمانی کوردیدایە. بەمپێیە سنوری توێژینەوەکە لە شێوەی باوی زمانی کوردی، زاری ناوەڕاست دەگرێتەوە. هەمو نمونەکان لە بەکارهێنانی ئاسایی ڕۆژانەی ئاخێوەران وەرگیراون. لە هەندێ جێگەدا نمونەی پێسویت لە زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی بەکارهێنراوە.

## ١-٢ سەرەتا:

ئەو چاوگانەی لە مێشکی هەر قسەکەرێکی زمانەکە هەڵدەگیرێ، کۆمەڵێک سیما لەخۆدەگرن، کە بریتین لە سیمای دەنگی، واتایی و ئەرکی، کە لە مێشکدا بە مەبەستی داڕشتنی ڕستەیەک، یان فرەیزێک ...تد، بە هەمو سیماکانییەوە دەهێنرێتە دەرەوە. چاوگ ئەگەرچی دینەمۆی بەگەڕخستنی کارە، بەڵام وەکو ئەو فۆڕمەی هەیەتی دەچێتە ئاستی وشەسازییەوە، وەکو ناو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دواتر ئەرکەکەی بەپێی (سیاق) و ڕەفتاری ڕستەکە ناودەنرێت، بۆ نمونە لەو فرەیزەی خوارەوەدا کە دەڵێین:

- کاتی هاتنەوە

وەکو دیارخەر (مۆدیفایەر) ڕۆڵی بینیوە، یان کاتێ دەڵێین:

- وەختی داربڕین

دیارخەر، ئەم شێوازەی چاوگ وەکو دیارخەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەو چاوگانە ئەگەرچی سیمای (ناو)یان پێوەیە وەکو چاوگ، بەڵام بۆ نمونە (هاتنەوە) و (داربڕین) بەپێی شوێنەکەیان فۆڕمی (ئاوەڵناوئاسا) وەردەگرن و ئەرکی (دیارخەر – Modifier) جێبەجێدەکەن، بۆ دەرخستنی سیمای (کات و وەختەکە).

## ١-٣ ئاڕاستەی چاوگ لە زمانی کوردیدا:

دەربارەی چاوگەکان، بە گشتی دو ئاڕاستەی جیاواز لە زمانەکاندا بەدیدەکرێن، ئەوانیش:

أ) (لە چاوگەوە، هێماکەی ⟸)

ب) (بەرەو چاوگ، هێماکەی ⟹)

مەبەست لەو گوتنە ئەوەیە، کە ئایا بۆ داڕشتنی کردار و گەردانی کردار لە چاوگەوە دەستپێدەکەین، وەکو ئەوەی لە زمانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی و زۆربەی زمانەکانی تر بەدیدەکرێت، بۆ نمونە:

- لە زمانی کوردی:

بردن هاتن خستن

دوای لابردنی نیشانەی چاوگەکە، ئەوەی دەمێنێتەوە کردارێکە گەردانکراوە لە دەمکاتی ڕابردودا، لێرەدا دەبێت تێبینییەک سەبارەت بە پاشماوەی چاوگەکە (دوای لابردنی نیشانەی چاوگ) بخەینەڕو:

### ١-٣-١ لە کردارە تێنەپەڕەکاندا، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەم سیمایانەی دەبێت:

أ) کردارێکی کاتی ڕابردوە.

ب) (کەسدار)، بۆ کەسی سێیەمی تاکە: ها | ت | Ø ⇐ کەسی سێیەمە.

ج) دوای داماڵینی مۆرفیمی کاتەکە، ڕەگی کردارەکە مۆرفیمێکی واتادار نییە.

### ١-٣-٢ لە کردارە تێپەڕەکاندا: ئەم سیمایانەی دەبێت:

أ) کردارێکی کاتی ڕابردوە.

ب) کردارێکی کەسدار نییە، پێویستی بە نوسەکێکە تا یەکلایی بکاتەوە، بۆ نمونە:

- برد + کەس     * من برد ⇐ نارێزمانین
- بردم     * تۆ برد ⇐ نارێزمانین
- بردمان...تد.

ج) دوای داماڵینی ڕەگەکە لە مۆڕفیمە کاتییەکەوە، ڕەگ مۆڕفیمێکی واتادار نییە. (قادر، ٢٠١٨).

- بۆ زمانەکانی تریش بە هەمان شێوەیە، بۆ نمونە:

١- زمانی ئینگلیزی:

Learn<u>ing</u>   Dring<u>ing</u>   Go<u>ing</u>

<u>نیشانەی چاوگ</u>

شایەنی باسە ئەم جۆرە چاوگانە لە جۆری یەکەمی چاوگە، کە بە (gerund) ناودەبرێن و بەپێی یاسای (ڕەگ + ing) دادەڕێژرێن. هەر لەم بارەوە جۆری دوەمی چاوگەکان بەپێی یاسای (ڕەگ + to ) دادەڕێژرێن، بەم شێوەیە ئەو چاوگانەی سەرەوە دەبن بە:


<u>To</u> drink   <u>To</u> learn   <u>To</u> go

لەم نمونانەدا پێشگری (to) شوێنی پاشگری (ing) لە چاوگەکەدا پڕدەکاتەوە، بەڵام دوای لابردنی (to)، چاوگەکە دەگۆڕێ بۆ بنج، بەم شێوەیە:

Learn   Drink   Go


لێرەدا دەبینین لە زمانی ئینگلیزیدا هەمو بنجەکان واتادارن، بە واتایەکی تر، ئەگەر بنج لە پۆلکردنی مۆرفیمدا دابەشبکەین، دەچێتە پۆلی وشە/ مۆرفیمە سەربەخۆکانەوە، نەک مۆرفیمە بەندەکان (وەک لە زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت)، لەبەرئەوە دەکرێ ئەگەر مۆرفیمەکان پۆلین بکەینەوە، دەشێ لەو هێڵکارییە درەختانەی خوارەوە دابەشیان بکەین: لەم بارەوە بڕوانە: ( Murray and Anna, 2018, 4)

- بۆ زمانی ئینگلیزی:




هێڵکاری (١): پۆلێنکاری مۆرفیم لە زمانی ئینگلیزی

- بۆ زمانی کوردی:





هێڵکاری (٢): پۆلێنکاری مۆرفیم لە زمانی کوردی

## ١-٣-٣ زمانی ئینگلیزی بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ چاوگەکاندا دەکات، لە نێوان دو زاراوە کۆیاندەکاتەوە:

- گروپی کرداری (Verb group – V gp)
- چاوگی داماڵراو (Bare infinitive)

بەو پێیە زمانی ئینگلیزی مامەڵەی چاوگ لەگەڵ کردارە بنجییەکاندا دەکات لە چوارچێوەی دەستەبەند (group)ی کردارەکاندا.

بۆ نمونە لەم هێڵکارییە بڕوانە:




هێڵکاری (٣): شیکردنەوەی درەختی ڕستە لە زمانی ئینگلیزی

ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە، کە فرەیزی کرداری (VP) لە خوار خۆی گروپی کرداری لەخۆدەگرێت، کە دەبێت ئەمانەی خوارەوەش لەخۆبگرێت:

١ .جۆری کردارەکە لەڕوی (تێپەڕیی و تێنەپەڕیی)

٢ .جۆری کرداره یاریدەدەرەکە (Auxillary).

٣ .ڕەگی کردارەکە (کە وەکو چاوگ) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.


هۆکاری ئەوەی، کە مامەڵەی (Bare infinitive)ی چاوگی ڕوت/داماڵراوی لەگەڵدا دەکرێ، ئەوەیە کەوا کارە یاریدەدەرەکان، کردارەکە لە هەردو سیمای کات دادەماڵێت، واتا نایەڵێت ئەم فۆرمانە وەرگرێت:

- نایەڵێت ببێت بە : hugs
- نەببێت بە : hugged لە ڕستەکەدا. بڕوانە: (Linda, 2004, 65)


سەبارەت بە زمانی کوردی دەستەبەندی کردارەکە دەکرێت هەندێ لە سیماکان لەخۆبگرێت، بەڵام پڕاوپڕ ناکرێت وەکو چاوگی داماڵراو مامەڵە لەگەڵ کردارەکە بکرێت، چونکە پۆلی کردار لە زمانی کوردیدا لەڕوی ڕەگەکەیەوە سەربەخۆ نییە، بەڵکو مۆرفیمێکی بەند دەبێت بە جەمسەرگیریی گەلێک مۆرفیمی بەندی دیکە، بۆ نمونە:

- وا دیارە ئازاد نایەت
- من پێموایە ئازاد نایەت
- من دڵنیام ئەو نایەت
- من ڕۆیشتنی ئەوم بینی (چاوگ وەکو بەشێکی بەرکارە)
- تۆ دەبێت بڕۆی (پابەندکردنە)

دەکرێت ڕستەی یەکەم و دوەم بەو شێوازە هێڵکارییەی خوارەوە بنوێندرێت:




هێڵکاری (٤): شیکردنەوەی درەختی بۆ ڕستەی (وا دیارە ئازاد نایەت.)




هێڵکاری (٥): شیکردنەوەی درەختی ڕستەی (من پێموایە ئازاد نایەت.)

لە بەرانبەردا ئەم دۆخە لە زمانی عەرەبیدا ئاڕاستەیەکی پێچەوانە لەخۆدەگرێت، واتە؛ لە کردارەوە بەرەو پێکهێنانی چاوگەکان دەڕوات.

هەر لە بارەی چاوگەوە، لە زمانی عەرەبی وا پێناسەی چاوگ (مصدر) دەکرێت، دەربڕاوێکە ڕوداوێک دەگەیەنێت، بەڵام لە (کات - زمان) داماڵێنراوە، دەبێت دەنگەکانی یان پیتەکانی کردارەکە لەخۆبگرێت. وەکو:

- علم عِلماً

یان لە باری مەزەندەیی وەریگرتبێت، وەکو:

- قاتل قتالاً

یان قەرەبوی ئەو دەنگ و پیتانە بکاتەوە، کە لادراون، وەکو:

- وَعَدَ وعداً
- سلَم تسليماً

لە زمانی عەرەبیدا هەر چاوگێک وابەستەی کێشێکی هەنگاوەکانیەتی. بۆ نمونە: لە چاوگە سێ پیتییە پێوانەییەکاندا، بەپێی واتای کردارەکە (تفعیلە)کەی دەگۆڕێت. وەکو:

- لەسەر کێشی: فَعَلَ فِعال

جَمَعَ جِماعاً

ئەگەر واتای کردارەکە بریتی بو لە جوڵە و پەشێوی و ئاشوبەیی، کێشەکەی دەگۆڕێت بۆ (فِعلان):

- جالَ جَولان

هەمو ئەو چاوگانەی لە سەرەوە خرانەڕو، چاوگی سێ پیتی بون. نمونەی تری چاوگەکان وەکو:

- چاوگی جەختکردنەوە، وەکو:
  - ضربتُ اللص ضرباً
- چاوگی جارەکان:
  - وقفتُ ⇐ وقفةً ⇐ وقفتين
- چاوگی میم:
  - ذهب مذهب
  - كتب مكتب
- چاوگی دروستکراو بەهۆی پاشگری سەرێیبون. وەکو:
  - العالمية: الانسانية

## ٤-١ لە بارەی ئەرکی چاوگەکانەوە:

لە باری دۆخی (دانەپاڵ – ئیزافە - genetive)دا:


لەم دۆخەدا دەبێت کەرەستەیەکی بەستنەوە هەبێت، بۆ نمونە لە ڕستەی:

- باوک ئەو هات

لە شێوەزاری خانەقین بەپێی تیۆرەکەی چۆمسکی ناتەواوە، چونکە دەبێت کاری "هاتن" دۆخێ بدات بە هەردوکیان، بەڵام هیچ بەستنەوەیەک لەنێوان (باوک و ئەو)دا نییە، بۆیە دەبێت بڵێین:

- باوکی ئەو هات

ئەم ڕستەیەش بەو شێوەیەی خوارەوە هێڵکاری دەکرێت:




هێلکاری (٦): شیکردنەوە بۆ ڕستەی (باوکی ئەو هات.)

لێرەدا (ی - i) دەبێت بە سەرەی فرەیزەکە و هەردو ناوەکە پێکەوە گرێدەدات و دەیانکات بە یەک، (ی)یش دەبێتە سەرەیەکی ئەرکی، ئەگەر ئێمە ئەو فرەیزە لە بازنەی ئەرکی چاوگەکاندا جێبەجێ بکەین.

پێش خستنەڕوی بۆچونەکەی (Abney, 1987) زیاتر ناوەکان دەبون بە سەرە و زیاتریش وشە فەرهەنگییەکان ئەو ڕۆڵەیان دەگێڕا. ئێمە لێرەدا مەبەستمان فرەیزی ناوییە (NP)، بۆ نمونە: لە نمونەی:

- کوڕەکانیان

کوڕ دەبو بە سەرەی فرەیزەکە.

⇓

- سەرە، شوێنکەوتەکەی (تەواوکارەکەی) بریتی بو لە [ە – کات – یان] ⇐ تەواوکار


⇓

Head

بەو شێوەیە هیچ گرێیەک بەبێ ( سەرە – ناوک ) دروست نابێت.

ئەگەر مامەڵەی ناو لەگەڵ چاوگەکان بکەین بە سەرەتا، بۆچونەکانی چۆمسکی (هاتن) لە فرەیزی "هاتنەکانتان" دەبو بە سەرە. واتە:

- هاتن ەکانتان
- سەرەی تەواوکار
- فەرهەنگی، بەڵام ئێستا لە (هاتنی ئەوان) دا:




هێڵکاری (٧): شیکردنەوە بۆ ڕستەی (هاتنی ئەوان.)

## ١-٤-١ سەرە ئاراستەکردن:

ئاڕاستەکردن لە دیوێکی ترەوە ئەرکی حوکم کردن لە ئەستۆدەگرێت، بە واتای ئەوەی کەرەستە حوکمکارەکە، کە حوکمی کەرەستەیەک دەکات، بەلای کەمەوە دەبێت لە گرێیەکی سەرەوەی ئەو فرەیزەدابێت و بەسەریدا زاڵبێت. بیرۆکەی ئاڕاستەکردن (C-command) هەردەم لە پاڵ ئەرکی حوکم کردن (government) دەردەکەوێت.

بنچینەی زاراوەی "حوکمکردن"یش کۆنە و لە ڕێزمانی دێریندا بەرچاودەکەوێت، کە سەرەتا لەلایەن (Cobbett)ەوە ساڵی (١٨١٩) خراوەتەڕو. لەوەی کەوا ناوەکان لەلایەن کردار و پێناسەکانەوە حومکدەکرێن.


بڕوانە: (Cook, 2007, 235)، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر سەیری ئەو نمونانە بکە:

١ .لە ژورەوە نان خواردن.

٢. لە ژورەوە دانیشتن.

نواندنەکانیان لە هێڵکاری درەختیدا بەو شێوەیەی خوارەوە دەنوێندرێت:


- بۆ ڕستەی یەکەم:




هێڵکاری (٨): شیکردنەوەی درەختی بۆ ڕستەی (لە ژورەوە نان خواردن.)

ئەوە سیفەتی زمانە تێکچڕژاوەکانە کە دەتوانێ لە کارە لێکدراوەکانیدا، بەشێکی کردار بکاتە بەرکار.

- بۆ ڕستەی دوەم:




هێڵکاری (٩): شیکردنەوەی درەختی بۆ ڕستەی (لە ژورەوە دانیشتن.)


لە ڕستەی (١)دا کردارەکە (v) خواردن، ئاڕاستەی (NP) – بەرکارەکە دەکات. (واتە- نان). لە هەمان کاتدا حوکمی دەکات. بەپێی بنەمای ئاڕاستەکردن لە نمونەی (١)دا کردارەکە (v) ناتوانێ حوکمی، یان وەچە ئاڕاستەی (PP) بکات، چونکە یەکەم گرێی دو لقییەکەی کە بەسەر (v)دا زاڵە، نزمترە لە (PP) و ناتوانێت بەسەر (PP)دا زاڵبێت، کەچی لە نمونەی دوەمدا، (v)ەکەی دانیشتن، ئاڕاستەی (PP)ی دەکات. واتە؛ لە ژورەوە، چونکە ئەو گرێیەی بەسەر (v)دا زاڵە، بەرزترە و لە هەمان کاتدا بەسەر (PP)یشدا زاڵە. بڕوانە: (محمد، ٢٠٠٩، ٨١-١٨٠).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چاوگەکان بەپێی ئەرکەکانیان لە ڕستەدا جۆری دارشتەیی فرەیزەکانیان دەگۆڕێت، لێرەدا دەبێت ئاماژە بە جۆر و پۆلی زمانی کوردی بکەین لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە.

## ١-٤-٢ زمانە تێکچڕژاوەکان (Incorporation languages):


کۆکردنەوەی دو جۆری زمانە، کە سیمای زمانە دابڕاوەکان (analytic languages) و زمانە نوساوەکان ( agglutinative languages) لەخۆدەگرێت. واتە؛ هەم وشەی سەربەخۆ وەکو زمانە دابڕاوەکان و هەم وشەی گیرەکە ڕێزمانییەکان بۆ نواندنی ڕەفتارە سینتاکسییەکان بەکاردەهێنێت. لەم بارەوە بڕوانە: (فەتاح و قادر، ٢٠١٦، ٩٠)

بەم شێوەیە لە کاتی شیکردنەوەی چاوگەکاندا، لە بەستنەوەی دو چاوگ بەیەکەوە بەهۆی ئامرازێکی بەستنەوە بە تایبەت لە چاوگە ناسادەکاندا، بەم شێوەی هێڵکارییە دەنوێندرێت:




هێڵکاری (١٠): هێڵکاری چاوگی بەیەکەوە بەستراو لە زمانی ئینگلیزی

ئەگەر ئێمە ئەو ڕستەیە بۆ زمانی کوردی دابڕێژینەوە، هێڵکارییەکەی بەم شێوەیە دەبێت:




هێڵکاری (١١): هێڵکاری چاوگی بەیەکەوە بەستراو لە زمانی کوردی

لێرەدا هۆی ئەوەی کەوا دیاریکەرەکە (Specifier) مامەڵەی بەستنەوەی دەرەکی بۆ دەکرێت، ئەوەیە چونکە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی فرەیزی کردارییەوە، (و)ەکە ئامرازی لێکدەرە، ڕۆڵی سەرە دەگێڕێت بۆ بەستنەوەی چاوگەکانی (هاتن) بە (چون)ەوە، چون بەستنەوەی ناوەکییە، چونکە دەبێت بە تەواوکەری سەرەکە. بڕوانە: (Zhang, 2023, 242).

هەندێ جار دەکرێت لە ڕستەیەکدا فۆڕمی هەردو جۆری چاوگەکە بەرچاوبکەوێت، بەڵام یەکیان وەکو کردار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە لەوانەیە کردارێکی بەیاریدە لە ڕستەکەدا لادرابێت. لە زمانی ئینگلیزی، ئەو جۆرە دارشتنە زیاتر لە پرسیار و وەڵامدا بەدیاردەکەون. بۆ نمونەی زمانی ئینگلیزی:


Speaker A: What are you doing?

Speaker B: Trying to help you.

لێرەدا ڕاستەی (Trying) فۆڕمی (gerund)ی پێوەیە، بەڵام خۆی وەڵامی ڕستەکە بریتییە دەبێت لە:

I am trying to help you.


ئەم ڕستەیەش بەپێی هێڵکارییە درەختییەکەی، بەم شێوەیە دەنوێندرێت:




هێڵکاری (١٢): شیکردنەوەی درەختی بۆ ڕستەی (Trying to help you.)

لە شیکردنەوەی ئەو ڕستەیەی زمانی ئینگلیزیدا، بە گشتی ڕستەی ("trying to help you") بە فرەیزێکی کرداری (Vp) ناودەنرێت. سەرەی ئەو فرەیزە کردارییە بە گشتی کرداری (trying) دەبێت، بەڵام گەر سەیری کرداری (trying) بکەین لە هێڵکارییەکەدا بە (t) بچوک نوسراوە، ئاماژەیە بەوەی شتێک لە پێش خۆی لادراوە. تەواوکەری سەرەی (trying) بریتی دەبێت لە فرەیزی دەمکاتەکە infinitive phrase / TP (to help you).
بەو شێوەیە فرەیزی کرداری ("trying to help you") دەبێت بە جێکەوتە (projection)ی کرداری (trying) بەپێی بۆچونەکانی تیۆرە نوێیەکان (تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بە نمونە) بوار بەوە دەدات، کە لە ڕۆنانێکدا دەکرێ زیاتر لە سەرەیەکی تێدابێت، لەو نمونەیەدا یەکیان لە فرەیزە کردارییەکەدا بە کرداری (help) بە سەرە دەکرێت، ئەویتریان بەهۆی کرداری (trying) بە سەرە دەکرێت، ئەو هەوڵەش بەشێکە لە گەیشتن بە بنەماکانی ڕێزمانی سەراپا (UG) بۆ دارشتنی هەندێ بنەمای گشتی بۆ حوکمکردن و بەڕێوەبردنی ڕۆنانی زمانی (Linguistic Structure). بڕوانە: (Radford, 2004, 69).
ئێمە گەر بۆچونێکی نوێ لەو بارەیەوە بۆ زمانی کوردی بخەینەڕو، تا ڕادەیەک بەپێی ئەوە زمانی کوردی وەک زمانی ئینگلیزی لە چوارچێوەی زمانە تێکچڕژاوەکاندا (Incorporating Languages) کاردەکات، دەکرێت شیکردنەوەیەک بکەین، کە تاکو ئێستا ئەو شیکردنەوەیە لای زمانناسانی کورد باونییە.

گەر هەمان ڕستە لە زمانی کوردی شیبکەینەوە:
- هەوڵدەدەم یارمەتی تۆ بدەم





هێڵکاری (١٣): شیکردنەوەی درەختی بۆ ڕستەی (هەوڵدەدەم یارمەتی تۆ بدەم.)

پێمانوایە مۆرفیمی (بـ) کاتی داهاتوی یارمەتیدانەکە دەستنیشاندەکات، بۆیە زۆر ئاساییە وەکو (to)ی سەرەی (TP) مامەڵەی لەگەڵدابکرێت. جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕۆنانی (to help)ی زمانی ئینگلیزی لەوەدایە، (to) دەچێتە بەشی پێشەوەی کردار: ( to help you) کەچی زمانی کوردی لە بەرکارەکە دەپەڕێتەوە و بە خودی کردارەکە خۆیەوە دەلکێت. (هەوڵدەدەم) دەبێت بە سەرە بۆ هەمو فرەیزی کرداری (یارمەتی تۆ دەدەم)، کرداری (دان) دەبێت بە سەرەی دوەم بۆ فرەیزی (یارمەتیدان).

لەلایەکی ترەوە (بـ) دەبێت بە سەرەیەکی ئەرکی و (VP)ییەکە وەکو تەواوکەر وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ڕستەکە بگەڕێنینەوە باری ئاسایی خۆی، واتە؛ پێش لابردنی هەندێ لە کەرەستەکانی ڕستەکە، ئەوا بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

- من هەوڵدەدەم یارمەتی تۆ بدەم.




هێڵکاری (١٤): شیکردنەوەی ڕستەی (من هەوڵدەدەم یارمەتی تۆ بدەم.)

## ئەنجامەکان

١. چاوگەکان پێکهاتەی جیاوازیان هەیە و ناتوانرێت لە یەک ڕەهەندەوە هەمو جۆرە چاوگێک پۆلێنبکەین.
٢. پێکهاتەی ئاڵۆزی چاوگەکان وایکردوە، کە چاوگەکان بتوانن بە ئاسانیی ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز ببینن.
٣. تا ڕادەیەک شێوازی کارکردنی چاوگەکان لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هاوشێوە و چونیەکن.
٤. زۆرجار مۆرفیمەکان دەتوانن پێکهاتەی چاوگەکان بگۆڕن و لە پۆلی چاوگدا دوریانبخەنەوە.
٥. بەشداریکردنی مۆرفیمەکان لە دروستەی چاوگەکاندا، وادەکا کە چاوگەکان لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا ڕۆڵ ببینن.

## سەرچاوەکان

فەتاح، محمد معروف و قادر، صباح رشید، (٢٠١٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی، چاپخانەی رون، هەولێر.
قادر، صباح رشید، (٢٠٠٧)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
قادر، صباح رشید، (٢٠١٨)، وانەکانی قۆناغی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین.
محمد، حاتم ولیا، (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر.
Abney, S.P., (1987). The English noun phrase in its sentential aspect (Doctoral dissertation, Massachusetts Institute of Technology).
Cook, V. and Newson, M. (2007). Chomsky’s Universal Grammar. Wiley-Blackwell.
Linda, T. (2004). Beginning Syntax, Blackwell Publishing.
Murray, D, And Anna, C. (2018). New York University press.
Radford, A. (2004). Minimalist Syntax, Cambridge University press.
Zhang, N. (2023). Coordinate Structures. Cambridge